# دایگلۆسیا لە زمانی کوردیدا

نووسینی: S. N. Bakir
Exeter University
وەرگێڕانی لە ئینگلیزی: ڕۆژگار جەلال
زانکۆی سلێمانی

**پوختەی باسەکە:**

ئەم باسە لە دایگلۆسیای زمانی کوردی دەکۆلێتەوە بەتایبەت لە زاراوەی هەولێر دا کە تیایدا دایگلۆسیا لە شێوەکانی تر زیاتر شیمانی ڕوودانە. مەبەستی سەرەکی باسەکە لە چۆنیەتی نیشاندانی هەردوو جۆری دایگلۆسیا (تاك زمان و دوو زمان) لە زمانی کوردیدا خۆی دەبینێتەوە. لە گریمانی باسەکەدا هاتووە کە لەزاراوەی هەولێردا دایگلۆسیای تاك زمان زەمینەیەکی فراوانی لە قسەکردن و ئەدەبەکەیدا گرتووە.

**پێشەکی:**

دایگلۆسیا بریتی یە لە دۆخێکی نیمچە جێگری زمان کە دوو شێوەی جیاوازی زمان لە میانی گفتوگۆکردنی کۆمەڵایەتی دا دێنە کایەوە.ئەم زاراوەیە بە زۆری لە بواری کۆ–زمانەوانی دا بەکار دێت. ئەم دیاردە زمانەوانی یە بە دوو فۆرمی جیا دەبینرێت کە ئەمانیش هەر یەك لە دیاردەی زمانەوانی دەروونی و کۆ–زمانەوانی ین جا یا ئەوەتا ئاماژە بەو حالەتە دەکەن کە تیایدا دوو شێوەی زمانی سەر بەتاکە زمانێك بوونیان دەبێت یانیش دوو شێوەی جیاوازی سەر بە دوو زمانی سەر بەخۆ .

لە باسەکەدا تێروانینی فیرگەسۆن لەمەر دایگلۆسیا جەختی لەسەر کراوەتەوە لەبەر ئەوەی لە شێوە زاری هەولێردا دوو شێوەی جیاوازی زمان کە ئاماژەن بۆ شێوەی باڵای زمان و شێوە نزمەکەی لەپاڵ یەکتر دەبینرێن لە میانی گفتوگۆکردنە کۆمەڵایەتی یەکان دا (speech community).

**چەمکی دایگلۆسیا:**

دایگلۆسیا زاراوەیەکە لە کۆ–زمانەوانی دا بە کاردێت ئاماژە بە بوونی ڕەوشێکی زمانەوانی دەکات کە دوو جۆری جیاوازی زمان پێکەوە دەبینرێن و لە میانی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی دا کە هەر جۆرێکیان بە بوارێکی جیاواز و کاری کۆمەڵایەتی دەبێت. (کریستال، 1991: 104)

هادسۆن (1993: 33–4) باس لەوە دەکات کە زاراوەی دایگلۆسیا لە چوارچێوەی کۆ–زمانەوانی ەوە بە نوسینی زمانی ئینگلیزی ئاشنا کرا . ئەو

هەوڵە رابەریەش چارلز فێرگەسۆن ئەنجامی دا. فێرگەسۆن ئەو زاراوەی بە مەبەستی وەسفکردنی ئەو دۆخانە بەکارهێنا کە لێرەو لەویێ ئەوسا هەستیان پێ دەکرا. بۆ نمونە وەك لە وڵاتانی عەرەبی و قسەپێکەرانی زمانی ئەلمانی لە سویسراو دورگەی هایتی دا. فێرگەسۆن لە رێگای بلاوکردنەوەی وتارێکی لە گۆڤارێکی جیهانی بەناوی پەیڤ (word) لە ساڵی 1959 دا ئەو بیرۆکەیەی بە دنیای زمانەوانی ناساند ئەوەی شایەنی باسە پێش ئەویش مارکز (1930) لە ساڵی سی یەکاندا وەسفی ئەم زاراوەی کردووە لە جیهانی عەرەبی دا.

ئەم دیاردەیە (دایگلۆسیا) لە کۆمەلگایەکدا هەستی پێ دەکرێت کە دوو جۆر لە کۆدی جیاواز بوونیان دەبێت و بەمەش دەبنە هۆی پیشان دانی جیاکەرەوە کاری یەکان. یەك لەم کۆدانە لە کۆمەلێکی نزیك لە یەك دا بونیات دەنرێت و هەرچی ئەوی تریشە بە پێچەوانەوە لە کۆمەلێکی تەواو جیاواز لەیەك دەردەکەوێ.

**دایگلۆسیا و لینگوافرانکا:**

لینکوا فرانکا (زمانی هاوبەش) زاراوەیەکە لە کۆ-زمانەوانی بە کاردێت کە بریتی یە لە و زمانە یاریدەدەرەی یارمەتی رووداني گفتوگۆ و پەیوەندی کردندا دەدات لە نێوان ئەو کەسانەی کە خودانی یەك زمانی سەکی و یەکگرتوو نین. کریستال (1991: 203)

لینگوا فرانکا بە پێچەوانەی دایگلۆسیا پەیوەستە بە قسەکەری رەسەنی جیاوازەوە کە ئەمەش سەلمێنەری ئەو راستیەن کە ئەم زاراوەیە تەنها لەو کۆمەلگایانەدا بە کاردێت کە قسەکەری زمانی هەمەرەنگن. ۆرد هەگ (1990: 55) باس لەوە دەکات کە یونسکۆ بەم شێوەیە پێناسەی لینگوا فرانکا دەکات، زمانێکە بەردەوام بەکاردێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە خاوەنی زمانی جیاوازن بۆ ئاسانکردنی ڕەوشی پەیوەندی کردن لە نێوانیاندا.

سامارین (1968: 661) ئەم زاراوەیەی بۆ چوار جۆر پۆلین کردووە

1- زمانی بازرگانی (بۆ وێنە،(هوسا) لە رۆژئاوای ئەفریقا و (سواهلی) لە رۆژهەلاتی ئەفریقا)

2- زمانی پەیوەندی (بۆ وێنە،زمانی یۆنانی لە کاتی خۆیدا)

3- زمانی نێودەولەتی (بۆ وێنە،ئینگلیزی کە پانتایەکی فراوانی گرتووە)

4- زمانی یاریدەدەر (بۆ وێنە،ئیسپرانتۆی بنەمای ئینگلیزی)

ئەوەی شایانی باسە لە دوای راپەرینەوە زمانی کوردی لە نێوان کەمایەتیە نەتەوەییەکانی شاری هەولێر بە تایبەت لە ناو دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دا بۆتە زمانی هاوبەش. دەکرێ ئەم دیاردە زمانەوانیە بە ڕەوشی ناچاری

وەزیفی لە قەلەم بدەین. هەرچەندە لە ناو هەندێ لەو گروپە نەتەوەییانە دیاردەکە خۆ هێشتییە.

**دایگلۆسیا و کۆد گۆڕین:**

گۆرینی زمان لە میانی ڕەوشێکی قسەکردندا لە زمانێکەوە بۆ یەکی تر پیێ ی دەگوترێت کۆد گۆرین (گۆرینی زمان) هەروەها کۆد گۆرین لە نێوان دوو زاری زمانێکیش ڕوودەدات بەتایبەتی ئەگەر زمانەکە زارێکی زمانی پێخوێندن و رۆشنبیری و کارگێری بێت. کریستال (1991: 59) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم رووە زمانەوانیەی کە شایەد حالی کۆد گۆرینن دەتوانرێت لەلایەن قسەکەری جووت زمانەوە ئەمانە پیشان بدرێت ئەمەش بەپشت بەستن بە هەریەك لە گوێگر و شوێنی روودانی گفتوگۆکە لە نێوان (شێوەی ستاندەر و هەرێمی) یاخود لە نێوان شێوازەکانی (ناوخۆیی و دەرەکی دا).

لەلایەکی ترەوە تروجیل (1974: 82) ئاماژە بەوە دەکات کە کۆد گۆرین لە نێوان دوو دیالێکتیشدا ئامادەگی هەیە، راستی ئەم مەسەلەیەش لە نێوان هەولێر و دهۆك دا دەبینرێت، بۆ نمونە کاتێك دهۆکیەك لە هەولێر دایە ناچارە بە سۆرانی قسە بکات لە کاتێکدا لە نێوان خۆیان دا بێ گومان بە (بادینی) دەدوێن وە بە هەمان شێوە بۆ هاولاتیەکی هەولێر لە دهۆکدا. لێرەدا هەرچ نەبێ ناوەندێکی لەیەك گەیشتن لەسەر ئاستی پەیڤەوە لە نێوان ئەو دوو شارە هەیە بەڵام لە نێوان دهۆك و سلێمانی یاخود دهۆك و کەرکوك ڕەوشەکە زۆر ئالۆزترە.

زۆر لە زانایانی کۆ-زمانەوانی پێناسەی کۆدیان لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسك دا کردووە و بەم پێ یە لە مافی دروستی خۆی بۆ ناساندن بێ بەش کراوە. هەندێ جار پێ یان وابووە کە دەتوانرێت لە رێگەی تێگەیشتنی دوولاینەوە دەتوانرێت پێناسە بۆ کۆد بکرێت بۆ نمونە لە رووی زمانی گروپێکی تایبەت یا زمانی پیشەگەرانەوە.

هادسۆن (2000: 475) لایەنگری ئەم جۆرە بەکارهێنانە دەکات بۆ ئەم زاراوەیە بە گوتنی ئەو کەسانەی کە پسپۆریەك فێردەبن لە رێگەی زمانی بێگانەوە زۆر جاران وایان لا چاکە کە لە زمانی دایکەوە دەربچن بۆ زمانی پسپۆریەکەیان لە هەندێ باری پێویستدا لە کاتی قسەکردن. لەناو توێژی رۆشنبیران و دکتۆرەکان ئەم دیاردەیە هەستی پێ دەکرێت.

ۆردهەگ (2000: 102- 3) دوو جۆر لە کۆد گۆرین دەست نیشان دەکات ئەمانیش کۆدی دۆخی (حالەتی) و کۆدی میتافۆریکین (مەجازی). کۆد گۆرینی دۆخیی لەم ساتانەدا هەستی پێ دەکرێت کاتێك گۆڕان لە زمانەکان روو دەدات

بە پشت بەستن بەو حالەتانەی کە قسەکەران تیایاندا خۆیان دەدۆزنەوە، لە حالەتێکدا بە زمانێك دەدوێن و لە یەکی تر بە زمانێکی جیاواز بە بێ گۆڕانکاری لە بابەتی گفتگۆکە.

بە مەزەندە زۆربەی دانیشتوانی کوردی شاری بەغدا لە دەزگا حکومیەکان بە عەرەبی دەدوێن کەچی کە لەماڵەوەن یان لەناو یەکترن بە کوردی دەدوێن. هەرچی کۆدی مێتافۆریکی بە شێوەیەکی ترە، کاتێك گۆڕان لە بابەت پێویست بە گۆڕان لە زمانەکەش دا دەکات ئەمەیان پێ ی دەڵێن کۆدی مێتافۆریکی. بە واتایەکی تر، لە کۆدی مێتافۆریکیدا بابەت و زمان هەردووك دەگۆڕێن.

وێرای ئەم دووە، هادسۆن (2000: 56-7) جۆرێکی تری لە کۆد داهێنا بەڵام ئەمەیان جیاوازترە لەوانی تر بەوەی کە جێ ی سەرنجی زۆر لایەنە ئەویش بریتی یە لە کۆد گۆرین لە میانی یەك ڕستەدا لەلایەن قسەکەرەوە.

جۆن گەمپەرز ناوی لەم جۆرە کۆدە نا کۆد گۆرینی گفتوگۆیی (conversational) بۆ ئەوەی لە جۆرەکانی تر جودایان بکاتەوە.

**شێوەکانی دایگلۆسیا:**

فێرگەسۆن (1959: 436) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە هەر بارێکی گفتوگۆی کۆمەڵی دایگلۆسیا دا دوو شێوەی زمان بوونی دەبێت کە هەریەکەیان خاوەنی بواری تایبەتی خۆیانن، بەڕای فێرگەسۆن لە هەر بارێکی دایگلۆسیا دا دوو شێوەی زمان هەن کە ناسراون بە شێوەی باڵای زمان و شێوەی لاوەکی زمان ، لە بنچینەدا پەیوەندی بە تێنیان هەیە لەگەڵ یەك و پێکەوە بەستراون بەڵام هەریەکەیان خەسلەت و سیفاتی جیاوازیان هەیە کە لەمانەی خوارەوە دا دەبینرێن:

1- زۆربەی زمانە دایگلۆسیاکان لە تێکستە فەرمیەکاندا بە شێوەی باڵای زمان دا دەبینرێن، بەڵام هەرچی تێکستە ناوخۆیی وماڵیەکانە بە شێوەی لاوەکی زمان دەبێت، بۆ نمونە بڕیارەکانی پەرلەمان لە شێوەی باڵای زمان دان. دایەلۆگی نێوان ئەندامەکانی خێزانێك لە شێوەی نزم دەبینرێت.

2- بە گشتی ئەدەب لە شێوەی باڵای زمان دایە و بە شێوەی لاوەکی دا نایەت جگە لە هەندێ بابەتی شیعری و پروپاگەندەو ژانرە سنوورداریەکانی تر نەبێ. ئەم خەسلەتە لە ئەدەبی کوردی ڕەنگی داوەتەوە بە تایبەت لە دیالێکتی هەولێری و فیلمە کارتۆنیەکان. لە هەولێر، حەیران و لاوك و بەستە بە زمانی نزم دەچرێن نەك زمانی باڵا.

3- شێوەی باڵای زمان پێویستە لە پرۆسەی پەروەردەدا بگوترێتەوە لەبەرئەوەی ئەم شێوەیە تەنها لە بوارەکانی پەروەردەو خوێندن دا بەدەست

دێت بەڵام ئەم شێوەیەی زمان بە زمانی دایك دانانرێت بەلکو زمانی دایك بریتی دەبێت لە شێوە لاوەکی یەکەی. (تروجل 1974: 117 و جۆنسۆن 1999: 97)

ئەو زمانەی کە قوتابیان فێری دەبن لە قوتابخانەکاندا شێوە باڵاکەی زمانە کە زۆر جاریش بە زمانی کتێب و پرۆسەی خوێندن ناو دەبرێت. بەڵام ئەو زمانەی لە کۆڵان فێری دەبن شێوە نزمەکەی هەمان زمانە.

4- شێوەی باڵای زمان شێوەیەکی ستاندەری زمانە کە ئەویش هەریەك لە زمانی فەرهەنگ و رێزمان لە خۆ دەگرێت (تروجل هەمان سەرچاوە) ، هەرچی زمانی رۆژانە و زمانی نێوان هاورێیانە شێوەی نزمەکەی زمانە.

5- لە خەسلەتە سەیرەکانی دایگلۆسیا بەکارهێنانی دوو زارەوەیە بۆ یەك شت لە یەك کاتدا کە یەکیان لە شێوەی باڵا و ئەوی تر لە شێوەی لاوەکی دایە، بۆ نمونە (نەینۆك و ئاوێنە) دوو زاراوەن کە بۆ یەك شت بەکاردێن یەکەمیان لە شێوەی نزم و ئەوی تر لە شێوەی باڵا دایە. وشە سێکسیەکان ئەو وشانەن ئەو خەسلەتەیان هەیە.

6- بە گشتی دایگلۆسیا لە بارێکی جێگیر دایە تەنها ئەو ساتانە نەبێت کە زەمینە بۆ شێوەی لاوەکی لەبارە بۆ جێ گرتنەوەوی شێوەی باڵا ئەمەش لەم کاتەدا دەبێت کە شێوەی باڵا بەشێکە لە زمانی دایك و لەلایەن کەسانی خاوەن دەسەلات و دیارەوە قسەی پێ دەکرێت . ئەم دیاردەیە لە شێوەزاری کرمانجی ناوەند هەستی پێ دەکرێت.

خەلکی هەولێر و کەرکوك کەوتبوونە ژێر کاریگەری شێوە زاری سلێمانی بە حوکمی ئەوەی میرنیشینی بابان لەو سەردەمەدا فەرمانرەوایی کردووە بۆیە زمانەکەشیان هەژموونی پەیدا کردووە و بۆتە زمانی سەرەکی ئەم هەرێمە.لەم وێستگەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە شێوەی باڵای زمان پلەدارو جێ ی بایەخ ترە وەك لەوەی شێوەکەی تری زمان هەیەتی سەرباری ئەمەش شێوەی باڵا رووەکی پۆزەتیڤ و جوانی هەیە بە پێچەوانەی شێوەی لاوەکی زمانەکەوە.

لە رووی زمانەوانیەوە لێك نەچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان هەردوو جۆرەکەدا لەوانە جیاوازی وشە زاراوەکانن، زۆر لەم وشانە هێمان بۆ تەنێك یاخود چەمکێکی یەکگرتوو کە لە رووی ماناشەوە هەر یەك شت دەگەینێ بەڵام هەروەك تروجل (1974: 119) ئاماژەی بۆ دەکات لە کاتی بەکارهێنانیان دا دەست بە جێ لە نێوان دوو شێوەکەی زماندا جیاوازیمان بۆ دەکەن وەك لەمانی خوارەوەدا بە دیار دەکەوێت.

| شێوەی باڵا | شێوەی لاوەکی |
| --- | --- |

| | |
|---|---|
| **دۆزییەوە** | **دیتیەوە** |
| **ئێوە** | **ئەنگۆ** |
| **دەڵێ** | **دەرێ** |
| **مانگا** | **چێر** |
| **سوپاس** | **مەمنون** |

هەندێ جار جیاوازییەکان لە رووی رێزمانیشەوە بوونیان دەبێت لە رووی فرمان و پاشگری ناوەکانەوە:

| | |
|---|---|
| **شێوە باڵا** | **شێوەی لاوەکی** |
| **نەوزاد دەچێتە ماڵەوە** | **نەوزاد دەچتەوە مارێ** |
| **شیرین چویتە دەرەوە** | **شیرین چویتە دەرێ** |

بەهەمان شێوە جیاوازەکان لە رووی فۆنۆلۆژیەوەش ئەنجامیان دەبێت وەك:

| | |
|---|---|
| **شێوەی باڵا** | **شێوەی لاوەکی** |
| **کێ /ك/** | **کێ ، وەك /ʧ/ی ئینگلیزی** |
| **گوێ /گ/** | **گێ، وەك /ʤ/ ئینگلیزی** |
| **ماڵ** | **مار** |
| **مانگا** | **چێر** |
| **چەکوش** | **چەکوچ** |
| **شانە** | **شە** |
| **ئەوە** | **ئەوێ هێ** |

لەبەرئەوەی زمانێکی ستاندەری یەکگرتووی کوردی لە گورێ دا نی یە پەیوەندی کۆ–زمانەوانی نێوان هەردوو شێوەکە (باڵا و نزم) شلۆقە، واتە لە کوردستانی باشوردا شێوەکان بە گوێرەی ناوچەو هەرێمەکاندا دەگورێن و بە شێوەیەکی جێگیر نامێنێتەوە .

**جۆرەکانی دایگلۆسیا:**

دوو بیرورای جیاواز لەبارەی دایگلۆسیا دا هەیە کە بێ گومان ئەمەش لە هەر بارێکی دایگلۆسیادا بوونی هەیە و هەستی پێ دەکرێت، بیرورای یەکەم دەڵێت هەردوو شێوەکەی زمان لە بنچینەوە پێکەوە بەستراون ئەمەش تەواوکەری ئەم خالەیە کە دەلێت دایگلۆسیا بارێکی تاك زمانیە (monolingual)، بیرورای دووەم لەلایەن هەندێ لە زانایانی سۆسیۆلینگویستکس دەربراوە کە دەڵێن چەمکی دایگلۆسیا مانایە بۆ وەسف کردنی حالەتە فرە زمانیەکان کە تیایاندا هەردوو شێوەکی زمان بە شێوەی

سەربەخۆ و تەواو جیاواز لە یەکتر دەردەکەون. روون کردنەوەی زیاتر لەم بەشە دایە

**تێروانینی تاک زمانی لەمەر دایگلۆسیادا:**

فێرگەسۆن (1959: 435) وا باس لە دایگلۆسیا دا دەکات: " دایگلۆسیا دۆخێکی نیمچە جێگیری زمانە سەرەڕای لە خۆگرتنی دیالێکتی ستاندەر و هەرێمیی شێوەیەکی تری هەمەرەنگ و ئالۆز لە پاڵیدا دەبینرێت".

پێناسەکەی فێرگەسۆن لەگەڵ دوو شێوەکەی زمان لە رووی مێژوویی و پێکهاتەیانەوە خاوەن رۆڵی تایبەتی خۆیانن لە حاڵەتەکاندا (تروجل 1974: 117). بە گوێرەی ئەم پێناسەیە هەر زمانێك لە باری دایگلۆسیا دا دوو شێوەی هەیە، یەکیان ئەوەیە کە بە باڵا ناسراوە بە شێوەیەکی راست و دروست هەژمار دەکرێت ئەوی تر شێوەی لاوەکی یە کە بە شێوەیەکی لاواز و نەشیاو دادەنرێت. لەبەر ئەوەی شێوەی باڵا زمانی قسەکردنی دایك (mother tongue) نی یە بە زمانێکی پاك وپوخت دادەنرێت لەبەرامبەر ئەوەشدا شێوەی لاوەکی بە زمانێکی یاخی یا هەلچوو لە زمانی سەرەکی یەوە دادەنرێت.

شێوەی باڵا لە ناو دام و دەزگا دروست دەبێت و لایەنی رۆناکبیری و شارستانیی زمانەکەو کۆمەڵە زمانەوانیەکە نیشان دەدات. هەرچی شێوەی نزمە ئەوە دایك و خێزان و کۆمەڵگا دروستی دەکات و گوزارشت لە کلتوری کلاسیکی و هاکەزایی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات بەتایبەتی لەشاری هەولێر.

تێروانینی تاك زمانی بۆ دایگلۆسیا جەخت لەسەر یەك زمان دەکاتەوە کە تیایدا هەردوو شێوەکەی زمان دەگەرێنەوە بۆ ئەسلی ئەم زمانە. جۆنسۆن (2003: 97) دەرك بەوە دەکات کە تێروانینی فێرگەسۆن ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی دوو شێوەی جیاوازی سەر بە یەك زمان لەلایەن هەمان قسەکەرەوە بە بوونی چوارچێوەیەکی کۆمەلایەتی بریار لەسەردراوی جیاواز. بۆ وێنە، لە هەولێردا زمانی دەزگاکان و نوسراوە فەرمیەکان بە زمانی (ستاندەر)ە هەرچی کاری رۆژانەو فیلم کارتۆنی و کاری رێکلامی بە زمانی یا زاری هەولێرین. لە پاڵ ئەمانەشدا حەیران و لاوك و ژانرە ئەدەبیەکانی تر بە زمانی لاوەکی نوسراو و گوتراون بەلاّم لە کاتی رەخنەگرتن و لێدوان دان لەسەریان بە زمانی باڵا بووە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەردوو شێوەکە سەر بە یەك زمانن و خاوەن یەك قسەکەرن بەلاّم چوارچێوەیان جودایە.

**جیاوازییەکان لەمانەدا دەردەکەوێت:**

1- تۆزەك قەلبیٚ من تێكچووە نارە نارەك و نركە نركەك لە سنگیٚ من دەرپەریە (شەریف 1978: 11) نەختەك پەرێشانم نالە نالەیەك و نركە نركەیەك لە سینەمەوە دیٚ.

2-ئەتو وەرە دابەزە برەك داوەتیٚ بكە دەگەرمە لە بۆ كەیفیٚ دریبە. (هەمان سەرچاوە)

تۆ وەرە نەختێك دابەزە لەگەلمان هەلپەرە با تاوێك دلٚ ئاسودە بێت.

لە حەیرانەكانی دەشتی هەولێریشدا ئەم شێوە زمانە بلاٚوە وەك:

3-نازانم ئەو سارەكە بواریٚ یارە گچكەلانەكەی خۆم نە بیكەمە داكی لانكیٚ نە بكەمە كابانی ماریٚ.(دەشتەكی 1998: 222).

نازانم بەهاری ئەم سالٚ یارە بچكۆلانەكەم بكەمە دایكی بەر لانك یاخود بیكەمە كابانی مالٚەوە؟

هەروەها داستانەكانیش بێبەش نین لە نوسین بە شێوەی لاوەكی زمان (هەولێری) كە بە زەقی جیاوازی نیشان دەدات لەگەلٚ زمانی (ستاندەر)دا:

4- كیژ دەریٚ دەستی منو بە دامێنیٚ با لە بۆم برێن بەوان حەكیمان شتاقە دەستانی مەكەنیٚ لە بۆ خۆم مەلحەمەكی بۆ دەگرمەوە. (رەسول 1978: 52)

كچ دەلٚیٚ، دەستم دامەنتان بەو حەكیمانەی لەویٚ بلێن دەست لە برینی یارەكەم مەدەن من هەر بۆ خۆم مەرهەمەكی بۆ دەگرمەوە سارێژی زامەكانی دەكەم.

بە هەمان شێوە فۆلكلۆرو گۆرانی كوردی بەم شێوە زمانە دەبینرێت:

5- ئەگەر دەتەویٚ لە سار ئاگابی، دەبیٚ لە ئاسمان گەلەك وریا بی، ئەو دەمەی دەرێن پایز نامینیٚ بنۆرە لە كیٚ خۆر سەر هەردێنیٚ. (رەسول 2005: 5)

ئەگەر دەتەویٚ لە سالٚ بگەی دەبێت زۆر لە ئاسمان وریا بیت ، ئەو كاتەی دەلٚێن پایز نامێنیٚ بنوارە لە كویٚ رۆژ سەر هەلدێنیٚ.

لەم جیاوازییە وشەییانەدا دەردەكەوێت كە مندالانی كورد رووبەرووی گرفت دەبنەوە لەو ساتەی كە لە بواری خوێندن و پەروەردەدا پێویست دەكات فێری زمانی ستاندەر بن، لە فێربوونی ئەم شێوە زمانیەش قوتابیان توشی گەلێك ماندوو بوون و جۆرێك لە سەر لێشێواوی دەبن چونكە قسەكردنیان لە دەرەوەی قوتابخانەیان بە زمانی دایكە (نزم) لە قوتابخانەشدا بە زمانی بالاٚیە. ئەمەش بیٚ گومان وا دەكات قوتابیان بەردەوام ئاگادارین لە هەردوو شێوەی زمانەكەو حالٚەتی بەكارهێنانی هەر یەكەیان.

**تێڕوانینی جووت زمانی (bilingual) لەمەر دایگلۆسیا:**

فیشەرمان (1978 ، 1971) بازنەی دایگلۆسیا فراوان دەكات بۆ لەخۆ گرتنی جووت (دوو) زمانی سەربەخۆ. (جۆنسۆن 2000: 97). فیشەرمان دووبارە پێداچوونەوە لەسەر تێروانینی فێرگەسۆن دەكات لەمەر تاك زمانی دایگلۆسیا و دەیگۆرێت بۆ جووت (دوو) زمانی دایگلۆسیا كە بەم شێوەیە باسی لێوە دەكات: شێوەی زمانی لاوەكی زەمینە بۆ شێوەی باڵا خۆش دەكات بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی تارادەیەك لە هەموو حالەتە كۆمەڵی یە دوو زمانیەكاندا بگێرێت واتە ئەم زمانە دەسەلاتێكی بەرزی لەم بارانەدا دەبێت كە تیایدا زمانی سیاسەت و ئابوری بە فراوانی دەبینرێن. ئەم تێروانینە كاریگەری خۆی لەسەر تێروانینی فێرگەسۆن سەپاند بەو رادەیەی كە توانی ریشە كێشی بكات ، فیشەرمان پیێ ی وایە دوو جۆری جیاواز لە زمان بوونیان هەیە كە هەریەكەیان رۆڵی زمانی باڵا و زمانی لاوەكی دا دەنوێنن ، زمانی باڵا لەلایەن پۆڵی دەسەلات دارانەوە قسەی پیێ دەكرێت كەچی ئەوی تر لەلایەن كەسانی سادەو لاواز لە دەسەلات. فیشەرمان دوو جۆر لە جووت (دوو) زمانی هێنایە كایەوە كە ئەمانەن:

1– جووت (دوو) زمانی تاكی كە بە دیاردەی زمانەوانی دەرونیەوە وەسف دەكرێت. كریستال (1991: 37–8) و جۆنسۆن (1999: 30–1) باوەریان وایە كە لە بیری هەر تاكە كەسێك دا دوو جۆر زمان بوونیان هەیە كە تاكەكەس دەتوانێت بە یەكسانی فێریان ببێت و كۆنترۆلیان بكات.

2– جووت زمانی كۆ–زمانەوانیی، ئەم جۆرەیە كە لە كۆمەڵگادا بڵاوە و بوونی هەیە بەڵام مەرج نی یە هەموو تاكێكی ئەم كۆمەڵگایە خاوەن جووت زمان بن.

دیاردەی زمانەوانی دەرونیی زیاتر بلاوە وەك لەوەی دووەمیان بەتایبەت لە نێو كۆمەڵی كوردی دا وەك ئەوەی لە دانیشتوانی كوردی بەغدا دا دەبینرێت ، تاكی كوردی هەر لە منداڵییەوە فێری زمانی دایك دەبێت و لە دەرەوەش بەرەبەر فێری زمانی دووەم دەبێت بەم شێوەیە هەردوو زمانەكە بە جوانی فێر دەبێت بیێ ئەوەی توشی هیچ گرفتێك ببێتەوە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین كە تاكی ئەم ناوچەیە كەسانی خاوەن جووت زمانن. بە پێچەوانەوە لە شاری كەركوكدا ژمارەی ئەو كەسانەی كە جووت زمانن زۆر كەمترە ئەمەش بە هۆی ئەم دەرفەتە كەمەی كەپیێ یان دراوە لەمەر قسە پیێ كردنیان لە دام و دەزگا حكومی و قوتابخانەكاندا، لێرەدا چانسی فێربوون و قسە پیێ كردنی زمانی كوردی بە شێوەیەكی گشتی زۆر كەمەو تاكی كوردی بەزەحمەت فێری دوو زمان دەبێت بە شێوەیەك بتوانێت وەك و یەك كۆنترۆلیان بكات.

**دەرئەنجام:**

1- دایگلۆسیا لە زمانی کوردی بە گشتی و بە تایبەت لە دیالێکتی هەولێردا بوونی هەیە.
2- تێروانینی فێرگەسۆن لەمەر دایگلۆسیا لە دیالێکتی هەولێردا رەنگی داوەتەوە.
3- بە نزیکەیی هەموو دانیشتوانی دەشتی هەولێر بە زمانی لاوەکی دەدوێن لە کاتی کاری رۆژانەیاندا بەڵام منداڵەکانیان زمانی باڵا لە قوتابخانە فێر دەبن.
4- زمانی باڵا گرنگترو جیّ بایەخ ترە لەبەر ئەوەی زمانی دەزگا فەرمی و رۆژنامەو گۆڤارو هەواڵ و روناکبیرانە.
5- لاوك وحەیران و گۆرانی لە دیالێکتی هەولێردا رەنگی داوەتەوە کە بە زمانی نزم نوسراون و گواتراون.
6- دایگلۆسیای جووت زمانی لە کەرکوك و بەغدادا بوونی هەیە بەتایبەت لەلایەن کوردنشینەکانەوە.

**سەرچاوەی وەرگێڕان:**

Bakir, S.N. (2008), **Eight Kurdish Studies**. Erbil: Nawa print press. pp. 85-101.

**سەرچاوەکان:**


Crystal, D. 1991. **A Dictionary of linguistics and Phonetics**, 3rd edition. Oxford: Blackwell publishers inc.

Dashataki, A. 1998. **Epics and Ballads in Kurdish Folklore**. Hawler.

Hudson, G. 2000. **Essential Introductory Linguistics**. oxford: Blackwell publishers inc.

Hudson, R. A. 1980. **Sociolinguistics.** Cambridge: Cambridge University Press.

Johnson, K. and Johnson, H. 1999. **Encyclopedic Dictionary of applied linguistics**. Oxford: Blackwell publishers inc.

Rasul, I. M. 1979. **Lekolinaway Adabi Folklory Kurdi.** "A study in the Kurdish Folkloric Literature", Sulaimania : Sulaimania University press.

Rasul, SH. 2005.

Sharif, M. K. 1978. **Suwarchaki la lawki Kurdawari**. Baghdad: Aasad presses.

Trudgill, P. 1974. **Sociolinguistics: An Introduction Harmonds Worth,** Middx*: penguin.*

*Wardhaugh, R. 1986.* **An Introduction to Sociolinguistics,** *oxford: Basic Blackwell publishers.*